www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا14:36 2006-7-4

The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

## چاک، دژ بە تیرۆری بەردەوامی تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نارەزایەتی خۆی دەردەبڕێت.

ڕۆژی28 .2006.6، دوو کادیری تێکۆشەری یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان هەڤاڵان کاک حوسێن ئازەرکێش و کاک محەمەد سابیر لە شارۆچکەی پێنجوین، تیرۆر کران.

بەداخەوە، لە ماوەی 15 ساڵی ڕابردوی لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی کوردستان، نزیک بە 400 تێکۆشەری کوردانی ڕۆژهەڵات، بەدەستی پیاوانی ڕژێمی داگیرکەری ئێران یان نوکەرانی تیرۆرکراون، تائێستاش بێدەنکی لێکراوە.

ئەم تیرۆکردنە بەردەوامانەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی کوردستان ئەوە دەردەخات تاچەند ئەم ڕژێمە دەستی واڵا کراووە بۆ گیانی قارەمانانی ڕۆژهەلات.

بۆیە چاک وێڕای هاوبەشی خەم وپەژارەی خۆی بۆ بنەماڵەی شەهیدانی گەلەکەمان کاکە حوسێن ئازەرکێش و موحەمەد سابیر و یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان، ئەوپەڕی نارەزایەتی خۆی بەرامبەر بەم تاوانەی کۆماری ئیسلامی ئێران دەردەبڕێت و داواکارە:

1. حکومەتی کوردستان سنورێک بۆ دەستێوەردانی ئێران و تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستاندا دابنێت، ئەویش لە ڕێگای دابینکردنی ئاسایش بۆ ئەو ناوچانەی کەکوردەکانی ڕۆژهەڵاتی لێ کۆبونەتەوە. دەبێت ئەوەش بڵێین جگە لەوەی شەرمەزارییەکی گەورەیە بۆ دەسەلاتدارانی کوردستان کە براکانی بەبەردەوام لەژێر دەسەڵاتیاندا تیرۆردەکرێن، بە پێی هەموو یاساکانی مافی مرۆڤ و نەتەوە یەکگرتوەکان حکومەتی کوردستان بەرپرسیارە لە پاراستنی سەلامەتی هەر هاووڵاتییەک کە لە کوردستان ژیان بەسەردەبات.

2. بەدواچونی یاسایی بۆ ئەو سەدان شەهیدەی کوردستانی ڕۆژهەڵات بکرێت کە لە 15ساڵەی ڕابردوودا لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی کوردستاندا، تیرۆر کراون.

ناوەندی چاک
2006.7.2